



# گاگەشنامە

وەرگێڕانی کەریم دانشیار

پێرست:

گاگەش.......................................................................................................... ٣
عەبدولکەریم قاسم ........................................................................................... ٥
ئەییەڵ جانسزون تاسمان..................................................................................... ١٢
ئەبولقاسمی ئیلهامی ........................................................................................ ١٧
ئابراهام لاینکۆلن............................................................................................... ٢٥

# پێشکەش بە یادی یاران و هاوڕێیان ئازیز:

سمکۆ شەریفزادە، خەلیل بلوریان، مەحموود مەلاعێززەت و پۆلا نانەوازادە

### گاگەش

(گاگەش) هاوکێشی(لالەش) ، ناوی دوو گوندی بچکۆلانە و ژیکەلانە و خۆش دیمەنی مەڵبەندی مەنگوڕانە  کە لە بەری باکووری ڕۆژئاوای شاری مەهاباد هەڵکەوتوون :(گاگەشی سەروو ـ گاگەشی ژێروو).

مێژووی بنیادنانی ئەم دوو گوندە و واتا  و ناوەکەیان نادیارە. بەڵام بەچی دیارە کە ناوی (گاگەش)ی ئەم سەردەمە، هەر ئەو نێوە پیرۆزەی(لالش= لالەش)ی ئایینی کۆنی کوردان نەبێ کە لەترسی هەرەسی ڕەشی دینی عەرەبان ناوەکەیان گۆڕیبێت! لە بەیتی(ناسر و ماڵماڵ)دا ئەوتۆ دەردەکەوێ کە لە سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانلیەکان دا شارەگوندێکی ئاوەدان و قەرەباڵغ بە ناوی گاگەش لەو شوێنە دا بووبێت کە  قارەمانەکانی چیرۆکەبەیتی(ناسر و ماڵماڵ) ئەسڵە گاگەشی بوون و گۆڕ و گڵکۆکانیشیان لە نێوان دوو (گاگەش)ی ئیمڕۆ دایە.

شایانی باسە بگوترێ کە لە نێوانی دوو (گاگەش)ەکاندا  پاناوک و دەشتاییەکی بچووکی بەمێرگ و چیمەن ڕازاوە هەڵکەوتووە کە (سەمبوریان)ی ناوە. لە بەشێکی (سەمبووریان)دا ئاسەواری ئاوەدانییەکی داڕووخاوی تێک تەپیو ماوەتەوە کە هەر بەس کەڵەکە بەردی لێ دیارە و چی تر. هەرچەند تا ئێستا هیچ پشکنینێکی دێرینەناسانەی لەسەر نەکراوە، بەڵام بەگوتەی خەڵکی مەڵبەند، دەبێ شارەدێی (گاگەش)ی ئاوەدانی کەونارانی  جێیەکەی سەمبووریانی ڕازاوە بووبێت. ئەو شارەدێیە دوای هێرش و داڕمان و کاول کردنی، لە دوو شوێنی سەرەوە و ژێرەوەی سەمبووریاندا دوو (گاگەشی سەرێ و خوارێ) سەریان هەڵداوەتەوە.

(گاگەش) زێد و زێگەی من نییە و هیچکام لە خزم و کەس و کارەکانیشم لە وێ لە دایک نەزاون. بەڵام من دڵ گرێدراو بە گوندی(گاگەش)م و پێم خۆشە ئەگەر لە ئاخر پێچی ماڵاوایی ژیانیشمدا بۆم بلوێ و دەست بدات، بچمەوە نێو میللەتە ڕوح سووکەکەی گاگەش و لە خاکە نەخشینەکەیدا دەمێک سەرکەمەوە و لە دەمی مردنم دا هەر لەوێ بمرم و خۆڵەکەم تێکەڵ بە خاکی پیرۆزی گاگەش ببێتەوە. هۆی ئەم دڵبەستەگی و ئەوینداربیەم بە گاگەش و گاگەشیان هەر ئەمەیە کە من لە (گاگەش) و لە خەڵکی وێندەرێ دەرسی ژیانم وەرگرتووە و لە وێندەرێ چاوم کراوەتەوە . لە ڕاستیدا ئەوەی هەمە ، تێشووم لەوێ ڕاهێناوە.


ئەودەم کە لاوێکی بیست ساڵانەی کاڵ و کەم ئەزموون بووم، دوای ئەوەیکە لە مەدرەسەی پەروەردەکردنی مامۆستایانی ورمێ، پەڕە کاغەزێکی کۆتایی خوێندنیان پێدام و وەک مامۆستای فێرگە ڕەوانەی ناو کۆمەڵگایان کردم ، لە (گاگەش)ی سەروو دا خۆم گرتەوە. من بە کۆڵبارێکی سووکەوە کەوتمە نێو میللەتێکی ژیری دڵ دەریای خاوەنی ڕابوردوویەکی خاوێن و، هەر لەوێ چاوم کرایەوە. من ئەگەرچی دەرسی کۆمەڵناسیم خوێندبوو، بەڵام کۆمەڵناسیم هەر بە وشە دەزانی و لە کۆمەڵگا دا سرک و سڵ و بێ دەست و بێ دەرەتان بووم. کۆمەڵگای بچووکی گاگەش بە فریامەوە هات و فێری ژیانی نێو کۆمەڵگای کردم. من کە پێم نایە گاگەش، هیچم نەبوو بییان دەمێ ؛ ئەوەی پێویستی داهاتووم بوو ، ئەوان پێیان دام.

گاگەش زانکۆم بوو، گاگەش مامۆستام بوو. خەڵکی گاگەش کەس و کار و دێد و دایک و باب و باپیرم بوون؛ هەربۆیە من ئەویندار و دڵ گرێدراو بە(گاگەش)م و پێم خۆشە ئەگەر لە ئاخر پێچی ماڵاوایی ژیانیشمدا بووبێ، ڕوو بکەمەوە ئەو بەهەشتە و لە خاکە پاکە پیرۆزەکەیدا وەرکەوم و تێکەڵ بە خاکی گاگەش ببمەوە.

ئەوا وەرگێڕانی ئەم کتێبە مەزنە پێشکەش بە گاگەش و گاگەشیان دەکەم.

ماڵپەڕی گاگەش : کەریم دانشیار

**عەبدولکەریم قاسم**



Abdul Karim Qasm

Född: ٢١ november ١٩١٤, Bagdad, Irak

Död: ٩ februari ١٩٦٣, Bagdad, Irak

عەبدولکەریم قاسم لە بیست و یەکەمی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩١٤ لە شاری بەغدای عێراق لە دایک زاوە. باوکی عەبدولکەریم، کورد و لە بەرەی سوونە ئایینەکانی هۆزی قەحتانی (Zubeyd Qeitany) و دایکی مسوڵمانێکی کوردی شیعەڕێباز و لە هۆزی تەمیم عەدنانی (Tamīm Ednany) بوو. بنەماڵەکەیان لە ڕێزەی هەژارانی عێراق دەژمێردران. بەڵام کەریم قاسم بلیمەت و خاوەن هۆشێکی بەتوانا بوو. لە سەردەمی منداڵییەوە شان بە شانی باوکی لە کاری دارتاشی(نجاری) و وەرزێری دا چالاک و کارزان بوو. هاوکات دەگەڵ کاری وەرزێری و دارتاشی، لە خوێندنیش دا زیرەک و ئازا بوو. خوێندنی دەورەی سەرەتایی بە باشترین پلە

تێپەڕکرد و بۆ خوێندنی ناوەندیش بەشی ئەدەبیاتی هەڵبژارد و وەک باشترین خوێندکار، سەربەرزانە کارنامەی ڕەنگینی وەرگرت. شایانی ئاماژەیە کە عەبدولکەریم قاسم لە سەردەمانی خوێندکاریدا هێدی و ئارام و بە عەدەب لە سەرەخۆ بوو ؛ خۆی لە قەرەی هەرا و جەنجاڵی خوێندکارەکان بەدوور ڕادەگرت و ئارام و هێدی دەگەڵ فێرگە و کتێب دەستە برادەریەکی چالاک و نەسرەوت بوو. دوای خوێندنی ناوەندی، وەک مامۆستای بەشی سەرەتایی لە شاری قادسیەی باشووری عێراقدا دامەزرا. بەڵام هەر تەنیا یەک ساڵ پیشە مامۆستایی کرد و لە ساڵی ١٩٣٢دا دەرگای زانکۆی نیزامی بە ڕووی دا کرایەوە و لە ڕۆژی پانزدەهەمی ئاپریلی ساڵی ١٩٣٤دا بە پلەی ئەفسەری لە هێزەکانی نیزامیی عێراقی پادشاهی سەردەمی مەلیک فەیسەڵ وەرگیرا. لە مانگی ژانئییەی ساڵی ١٩٤٠دا، لە زانکۆی هیزەکانی نیزامی دا پلەی باڵای نیزامی بڕی و لە ساڵی ١٩٥٦دا وەک فەرماندەیەکی بەرز لە یەکێک لە یەکانەکانی هێزی نیزامیدا دامەزرا و سەرۆکایەتیی کۆمیتەی ئەفسەرانی ئازادی وەرگرت. هەر لەو کۆمیتەیەدا بوو کە بیری کۆدیتای دژ بە حکومەتی پادشاهیی کردە بەرنامە و لە ڕۆژی چواردەهەمی ژوئەنی ساڵی ١٩٥٨، ژەنەرال عەبدولکەریم قاسم بە هاودەستیی عەبدوسەلام عارف و هێزەکانی تایبەت کە لە ژێر فەرمانی خۆیاندا بوون، کۆدیتایەکی نیزامیی سەرکەوتوویان بەڕێوە برد.

مەلیک فەیسەڵ دوای باوکی پادشای حکومەتی عێراقی لە دەست دابوو ، بەڵام زۆری لێ نەخوارد و تازە دەهات فێری حکومەت ببێت، کە عەبدولکەریم قاسم و عەبدولسەلام عارف بە کودیتایەکی نیزامی مەلیک فەیسەڵ و نووری سەعیدی سەرۆک وەزیرانی مەلیک فەیسەڵ و ژمارەیەک لە کابەدەستانی حکومەتی پادشاهیان بە شێوەیەکی گەللایی لەت و پەت کردن و حکومەتی کۆماری بە سەرۆکایەتیی عەبدولکەریم قاسم دامەزرا. حکومەتی تازە دامەزراو بۆ بەرێوەبەرایاتیی کاتی، شۆڕایەکی سێ کەسی هەڵبژارد کە عەبدولکەریم قاسم پلەی سەرۆک وەزیری و وەزیری بەرگریی و سەرۆک کۆماریشی گرتە دەست. عەبدولکەریم قاسم نیزامیکارێکی وڵات پارێز بوو، بەڵام لە باری بەڕێوەبردنی وڵات و زانستی سیاسەتی جیهانیدا ئاگادارییەکی تەواوی نەبوو. دەوڵەتی شاهەنشاهیی ئێران لە ڕۆژی هەشتەمی مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٧ی زایینیدا، حکومەتی نوێی عێراقی بە فەرمی ناسی، بەڵام عەبدولکەریم قاسم سیاسەتێکی پاوانخوازی لە مێشک دابوو. هەر لەو هەلەی کە شای ئێران ساوەساوی دۆستایەتیی بەغدای دەکرد، عەبدولکەریم قاسم چاوی داگیرکردنی

مەڵبەندی چەمی ئەروەند و مەڵبەندی چاڵە نەوتەکانی خۆزستانی لە مێشک دا بوو. ئەم سات و سەودایە سەری نەگرت و کێشەی نێوان ئێوان و عێراق درێژەی کێشا و لە نێوان ساڵانی ١٣٣٨ و ١٣٣٩دا کێشەی چەمی ئەروەند نەبڕایەوە و لە نێوان عێراق و ئێراندا وەک گرێ کوێرە لێهات.

## لێکەوتەکانی کۆدیتاکەی عەبدولکەریم قاسم

کۆدیتای ناوبراو لە یەکەم هەلدا بوو بە هۆکاری ئاڵوگۆڕێکی گەلێک بەرچاوی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ناوەوەی عێراق و هەروەها لە دەر و جیران و دەور بەرەکانیدا. لەم لایەنەوە کە بناغەی بیرو باوەڕەکە لە سەر کۆتەرەی سۆسیالیزم دامەزرابوو، پەیوەندیەکانی دەورەی عێراق بە یەکیتی سۆڤیەت، چین و وڵاتانی سۆسیالیستی بە گەرمی بەسترایەوە. ئەم بەستنەوەیەش بوو بە هۆکاری زەنجیرەیەک بەڵێن و دابەستەی سیاسی. کڕینی چەکی قورس و فڕۆکەی شەڕکەر و گەلێک پێداویستییەکانی نیزامیگەری وەهای لە عێراق کرد، کە لە یەکەمین هەنگاو و لە ڕۆژی بیست و چوارەمی مانگی مارسی ساڵی ١٩٥٨ دا لە پەیمانی بەغدا بێتە دەرێ و لە وڵاتانی پەیمانی بەغدا کە بریتی بوون لە: تورکیا، ئینگلیس، پاکستان و ئێران دوور بێتەوە و عێراق دژ بە ئامریکا ڕابوەستێت.

## شێوە کوشتنی مەلیک فەیسەڵ و بنەماڵەکەی

لە یەکەمین ڕۆژی کۆدیتای عەبدولکەریم قاسم دا، مالیک فەیسەڵ پادشای عێراق داوای لە گاردی سەڵتەنەتی کرد کە بەربەرەکانی و شەڕ لە گۆڕێ دا نەبێ و ئێمە بە ئارامی خۆمان ڕادەستی ڕاپەڕیوەکان دەکەین.

دەور و بەری کاتژمێری هەشتی بەیانی، سەروان عەبدولسەتار سەبا ئەلبوسی کە ڕێبەری گروپی شۆڕش بوو، لە کۆشکی ڕیحابی بەغدا، شازادە عەبدوڵا، خانمی هیام شاژن، نەفیسە خانم دایکی شا عەبدوڵا، خانمی عیبادیە پووری فەیسەڵ و چەند خزمەتکارێکی بارەگای پادشایان بەرەو حەوشەی کۆشکی پادشاهی ڕادا و کاتێک پۆلی خانەدانی پادشاهیی عێراق گەیشتنە حەوشە بەربەرینەکە، پێیان گوتن لە ڕوو بە دیواری کۆشکی پادشاهی ڕاوەستن و دەستەکانتان بەرز کەندەوە؛ ئەوان کردیان و عەبدولسەتار عەسساب ناخودای گەمێ، بە ڕەشاش بە سەریان داهات و لە یەکدەم دا گشتیانی تیرباران کرد.

عەبدولکەریم قاسم لە ڕۆژی شەشەمی ژانقییەی ساڵی ١٩٥٩ دا بە پلەی ژەنەراڵی گەییشت و هەر ئەو ساڵەش دا لەلایەن گروپێکی پێنج کەسەی حیزبی بەعث (Baathpartiet) ، کە سەدام حسێن تەکریتی یەکێک لە ئەندامەکانی بوو، هێرشیان کردە سەر عەبدولکەریم قاسم و تەقەیان لێکرد؛ عەبدولکەریم قاسم بە بریندارى ڕزگای هات، بەڵام بەهۆی ئاستەم بوونی زامەکانی، بە ماوەی دوو مانگان لە خەستەخانەدا و لە ژێر چاوەدێریی دوکتۆرەکاندا مایەوە.

## ڕووخانی حکومەتی عەبدولکەریم قاسم و کوژرانی

حکومەتی عەبدولکەریم قاسم هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە بەرەو سیاسەتی یەکێتی سۆڤیەت داکشا. هەر لە سەرەتای کارەوە و لە ساڵی ١٩٥٩دا ڕایگەیاند کە لە پەیمانی سەنتۆ CENTO (Central Treaty Organization) ماڵاوایی دەکات و بەرەو جیهانی چەپ دەچێت. جاران ، واتە لە سەردەمی پادشایی خانەدانی فەیسەڵەکاندا شاری بەغدا ناوەندی پەیمانی سێنتۆ بوو، بەڵام بە داکەوتنی پادشاهی لە عێراق، ناوەندی پەیمانی سەنتۆ لە بەغدا کۆچی کرد و لە شاری ئانکەرەی تورکیا بارگە و بارگنەی کردەوە و تورکییە بوو بە چاوساغی وڵاتانی ئەمپریالیستی.
گەڵاڵەی کوشتنی عەبدولکەریم قاسم لە ڕۆژی حەوتەمی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٥٩ دامەزرا و لە یەکەم هێرش دا ترۆمبیلەکەی عەبدولکەریم قاسمیان دایە بەر دەسرێژ. ، کەریم قاسم لەم هێرشەدا بە برینداری ڕزگاری بوو. ئەم هێرشە و بریندارکردنی کەریم قاسم، لە لایەن حیزبی بەعثی عێراقی و ناسیۆنالیستە نەتەوەخوازەکاندا بەڕێوە چوو. ڕزگاربوونی عەبدولکەریم قاسم لەم ڕەشەکوژییەدا، نەتەوەخوازەکان بەتایبەت حیزبی بەعث(Baath)ی عەرەبی کەوتە بەر پلاری هێرشی حکومەتی شۆڕش. گەلێک لە ئەندامانی حیزبی ناوبراو کەوتنە بەندیخانێ و زۆربەشیان ڕایان کردە وڵاتی سووربیە. بەڵام سەرەنجام حیزبی بەعث لە ڕۆژی هەشتەمی مانگی فێڤرییەی ساڵی ١٩٦٣دا بە یاریکاریی عەبدولسەلام عارف و براکەی عەبدولڕەحمان عارف کۆدیتایەکیان ڕێک خست و بە یەک هێرش بە سەر کۆشکی حکومەتی عەبدولکەریم و یارانی ، لە بەرامبەری کامێرای تەلەفیزیۆنی بەغدا دا کۆدیتایەکی خوێنینیان بەڕێوە برد .
سەدام حسین تکریتی دوای کوژرانی عەبدولکەریم قاسم و تێکچوونی دەسەڵاتەکەی گەڕایەوە شاری بەغدا و لە یەکەمین هەل دا تۆڕی ئەمنییەتی تایبەتی بە مەبەستی

لەناوبردنی دژ و دوژمنانی شۆڕشی نوێ ساز کرد. حیزبی بەعثی عەرەبی لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٨دا دەسەڵاتی ڕەبەقی لە مستی سەدام حسێن تەکریتی نا.




کوشتاری بەعثییەکان . تەرمی عەبدولکەریم بە ئەستێرەی سوور دیاری کراوە.




شەقامێکی شاری بەغدا و داکەوتنی پەیەکەری عەبدولکەریم قاسم



عەبدولکەریم قاسم و عەبدولسەلام عارف دوو ڕێبەری شۆڕش





عەبدولکەریم قاسم و عەبدولرەحمان عارف



عەبدولکەریم قاسم لە ڕۆژی  کۆتایی بەربەندی سەر چەمی سولەیمانی و کردنەوەی بەربەندەکە
بیست و حەوتەمی مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٦١

**ئەیبەڵ جانسزون تاسمان**

# Abel Janszoon Tasman



Född: ١٦٠٣, Lutjegast, Nederländerna


Död: ١٠ oktober ١٦٥٩, Batavia

ئەیبەڵ جانسزون تاسمان , دنیاگەڕ و دەریاگەردی هۆڵەندی لە حڤدەی زایینی ساڵی ١٦٠٣ی زایینیدا لەدایک زاوە و ساڵی ١٦٥٩ کۆچی ئاخرینی کردووە. ناوبراو لە سای ئازایەتی و نەترسیدا بە دەریاکاندا گەڕاوە و گەلێک وڵاتانی هێشتا نەناسراوی دۆزیوەتەوە کە هەندێکیان ئەمانەن: دورگەی تاسمانی، نیوزیلەند، تونگا و کۆمەڵە دورگەکانی فیجی. ئەیبەڵ لە کۆمپانیای هیندی هۆڵەندەوە خەریکی کاری دەریاوانی بوو کە ڕۆژی چاردەهەمی دەسەمبەری ساڵی ١٦٤٢ لە لایەن سەرکردایەتیی کۆمپانیای ناوبراو بانگ کرا و ڕایان ئەسپارد کە ئەگەر لە بەشی باشووری ئۆقیانۆسی ئارامەوە و لە ڕێگای "ئوقیانۆسی ئەتڵەسی"، ڕیگایەکی دەریایی بدۆزێتەوە کە سەر لە کۆمەڵە دۆرگەکانی نیوزیلەند و دەور و بەری دەر بهێنێت و سەرزەمینی نەناسراو بدۆزێتەوە، ئەوا بە خەڵاتی مەزن دەگات.

ئەیبەڵ لە ڕۆژی ٢٤ی نۆڤەمبری زایینی ساڵی ١٦٤٢ بە پانتایی دەریادا هەڵگەڕا. پێشەکی بە دورگەیەکی گەلێک گەروە گەیشت کە لە جوغرافیای ئەو سەردەمەدا نەناسراو بوو. ئەیبەڵ پێی وابوو سەرزەمینێکی مەزنی دۆزیوەتەوە نەگ

دورگەیەک. ئەیبەڵ تاسمان ناوی خۆی واتە(تاسمان)ی لەسەر دورگەکە دانا. ئەم دوورگەیە خاوەنی لێڕەوار و دارستان و مێرگ و کانیاوی دەولەمەند بوو کە لە باری جوانی و ڕازاویی و خێر و بێری سروشتییەوە هاوتای نەبوو. پاش ماوەیەک وڵاتی ئینگلیس ئەو دورگەیەی داگیرکرد و خستیە سەر دورگەی مەزنی ئاوسترالیا، کە داگرتەی خۆی بوو.



ئەیبەڵ جانسزوون تاسمان دوای دۆزینەوەی دورگەی تاسمان و دورگەکانی تر، ناوی سەرزەمینی فان دیمەن(Van Diemen)ی لێنان. لە دوایە و دوای دۆزینەوەی دورگە و سەرزمینە تازەکان، کەسێک بە ناوی ئانتۆنی فان دەیمەن وەک فەرمانداری سەرجەم کۆمپانییەکانی هیندی ڕۆژهەڵات و هۆڵەند، باڵی دەسەڵاتی ئەو مەڵبەندەدا کردەوە.

شایانی باسە بگوترێ کە لە سەدەی هەژدەی زایینییەوە گەلێک دەریاوان و گەڕۆکی دەریایی بە ئاوی ئۆقیانووسەکان وەرببوون و بۆ دۆزینەوەی سەرزەمینی

نەناسراو، سەر و دەستیان دەشکاند. لە سەدەی هەژدەدا کەسانی وەک کاپیتان کووک و کاپیتان ماتیوری ئینگلیسی، کاتێک کە دورگە دۆزراوەوەکانیان بەسەر کردەوە و پێیاندا گەڕان، بۆیان دەرکەوت کە پلات (فەلات) و وشکانییەکان قارە نین، بەڵکە دورگەی ناو دەریاکانن و چوار دەوریان ئاوی دەریایە.


ئەو سەردەمەی کە ئەیبەڵ و دەریاوانەکانی تر خەریکی دۆزینەوەی سەرزەمینی نەناسراو بوون، ئەیبەڵ یانسزوون تاسمان بەپێی هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی خۆی گوتی:" دەبێ لە بەشی باشووری گۆی زەویدا وشکانیی قارەیەکی گەلێک مەزن هەبێ کە ئەوروپییەکان هێشتا پێی نەگەیشتوون. " ئەیبەڵ تاسمان و دەریاوانەکان کانی تریش ئەمەیان پێ ڕاست بوو و دەیانگوت ئەم گریمانەیە دەگەڕێتەوە سەردەمی ئیمپراتۆریی ڕۆمییەکانی کۆن. هەر بەپێی ئەم بیرۆکەیە تاسمان لە هاوینی هەر ئەوساڵەدا بە دوو گەمێی بچووک و ژمارەیەکی کەمی مەلەوانی دەریایی، لە شارەدریای جاکارتا وەڕێ کەوتن. لە سەرەتادا بۆ لای ڕۆژئاوا و دوایە بەرەو باشوور گەمێیان ئاژواند. تاسمان و یارانی لووتی گەمێکانیان بەرەو ڕۆژهەڵات باداوە و دوای ماوەیەک سەریان لە دورگەی نیوزیلەندی باکوور دەرهێنا.

یەکەمین تێهەڵەنگووتنی ئەیبەڵ جانسزوون و یارانی دەگەڵ هۆزی مائووری بوو کە خێر نەدەرەوە بوو. ڕۆژی دووەمی دیداری مائووریەکان، هێرشێکی لەپڕیان بۆ هێنان و هەر لە سەرەتادا گەمێیەکی هەواڵگری ئەیبەڵ جانسزوونیان بە نیشانە هەڵگرت و چوار دەریاوانیان لێ کوشتن.

تاسمان بۆ تۆڵە سەندنەوە تۆپێکی تێگرتن کە بوو بە هۆی ڕاکردن و گومبوونیان. دوای ڕاکردنی نیوزیلەندییەکان، تاسمان و یارانی لووتی گەمێکانیان بەرو ئاوکەندێکی کەنار دەریا ڕادا کە تاسمان ناوی ئاوکەندەکەی بە ئاوکەندی پیاوکوژان نێوک بڕ کرد. چەند حەوتوویەک بە کەنارەی وشکانییەکەدا هاتن و چوون و بەبێ ئەوەی پێ بنێنە وشکانیە تازە دۆزراوەکان ، لووتی گەمێکانیان بەرەو ماڵ ڕاگرت و گەڕانەوە وڵاتی خۆیان.


شایانی ئاماژەیە کە بەر لە سەردەمی ئەیبەڵ جانسزوون دا ئاوسترالیا دۆزرابۆوە، بەڵام ئەو و هاوسەردەمانی ئەو ، پێیان وانەبوو کە ئاوسترالیا ئەو سەرزەمینەیە کە دەربەدەر بە شوێنیدا دەگەڕێن. لە ڕاستیدا بۆچوونەکەیان لە جێدا بوو، چوونکە هێشتا سەرزەمێنێکی گەلێک مەزن مابوو بیدۆزنەوە. ساڵی ١٣٩٦ی هەتاوی تاقمێک لە پسپۆڕانی زەوی ناسی لە گەڕانێکی دەریاییدا بە سەر مەڵبەندێکی نەناسراو دا

کەوتن کە پانتاییەکەی چوار ملیۆن و نۆسەت هەزار کیلۆمەتری چوار گۆش و شەش جار هێندەی ماداگاسکار بوو؛ ئەویش زەیلاندیا (Zealandia) بوو.




Zealandia

زەیلاندیا قارە(continent)یەکی مەزنە لە جیرانەیەتیی ئاوسترالیا و ئۆقیانووسیە دا هەڵکەوتووە. سەرزەمینێکی گەلێک پان و بەرینە کە ٪٩٤ی کەوتۆتە ژێر ئاوی ئۆقیانووس و هەر تەنێ چوار ملیۆن و نۆسەت هەزار کیلۆمەتری چوار گۆشی لە ئاو هاتۆتە دەر. زەیلاندیا نزیک بە ٨٥ملیۆن ساڵ بەر لە ئێستادا دوای تێکشکانی قارەی گوندوانا (Gondwanaland)، دوو وشکانی وەک دوو دورگەی مەزن





TRIASSIC
200 million years ago

کە دورگەی نیوزیلەند و دورگەی کالێدۆنیا ـ ن بە پانتایی چوار ملیۆن و نۆسەت هەزار کیلۆمەتری چوار گۆش سەریان لە ئاوی ئۆقیانوس هێناوەتەدەر.

قاڕەی گۆندوانا (Gondwanaland)

وشکانییەکی کەونارانی بووە کە ٢٠٠ ملیۆن ساڵ پێشتر لە ژێر کاریگەریی جووڵەی تەکتۆنیکی دا لەت لەت بووە و قاڕەی ئەمریکای باشور، ئافریقا، ئاوسترالیا و وشکانیی باشووری زەوی (Antarctica) لێ ساز بووە.











درێژەی هەیە ...

## ئەبولقاسمی ئیلهامی




Abolqasem Lahouti

Född: ١٢ oktober ١٨٨٧, Kermánšáh, Iran
Död: ١٦ mars ١٩٥٧, Moskva, Ryssland

ئەبولقاسمی ئیلهامی بە نازناوی لاهوتی لە دوازدەهەمی مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٨٨٧ لە شاری کرماشانی ئێران لە دایک زاوە و لە شانزدەهەمی مانگی مارسی ساڵی ١٩٥٧ لە شاری مۆسکۆڤای روسییە کۆچی ئاخرینی کردووە. ناوبراو هەڵبەستڤان، ژورنالیست، نیزامیکار و چالاکوانی سیاسی و شۆڕشگێری سەردەمی ڕاپەڕینی سەردەمی ئاڵوگۆڕەکانیی سیاسیی ئێران (Mašrutiat)بوو. لە ساڵانی ١٩٢٠ی زاییینیدا، ناوبراو وەک ئەندامێکی چالاکی حیزبی کمونیستی ئێران لە سیاسەت دابوو. هەر ئەم چالاکییە ئەو بوو بەهۆی ئەمە کە لەلایان ڕژێمی ڕەزا شای ئێران ڕەزای پەهلەوی فەرمانی گرتن و لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو. بەڵام لاهوتی خۆی بەدەستەوە نەدا و پەنای بۆ دەوڵەت و وڵاتی سۆڤیەتی ڕووسییە برد.

لاهوتی سەردەمانی منداڵی و نۆجوانیی خۆی زۆرتر لە کردماشان و شارەکانی تری ئێران تێپەڕکرد و لە درێژەی سەرهەڵدانی خەڵکی ئێران و شۆڕشی ئازایخوازی و لابردنی دەسەڵاتی خانخانی و دامەزراندنی حکومەتێکی دێموکرات Constitutional Revolution، لە نێوان ساڵانی ١٩٠٥ هەتا ١٩١٩ دا تێکۆشەرێکیماندوونەناس بوو. تەنانەت دوای ڕوخاندنی حکومەتی پادشاهیی قەجەرەکان و دامەزرانی حکومەتی پەهلەوی، ناوبراو کۆڵی نەدا و بەردەوام وەک پێشەنگی شۆڕش بۆ نەمانی زۆرداری و ستەم و بونیادنانی یەکسانی، تێکۆشا. ناوبراو لە ساڵی ١٩٢١دا وەک پێشەنگی شۆڕش بۆ خەباتی کرێکاری و دژ بە دەرەبەگی پەهلەوی لە سازمانکاریی خەڵکی

ئێران یەکدەم ڕانەوەستا و بەردەوام تێکۆشا. لە ساڵی ١٩٢١دا ڕێبەرایەتی شۆڕشی شاری تەورێزی بەدەستەوە کرت و بە ناوی شۆڕشی لاهوتی ناوی دەرکرد.
بۆ یەکڕیزیی خەبات و سازمانکاریی خەباتی یەک ڕەنگ و یەکدەست، نامەی بۆ هەموولایەک نارد و خەڵکی هان دا کە ببزوین و کۆنەپەرستی گۆڕ بکەن. نامەکانی بە فارسی، کوردی، ڕووسی، تورکی و ئینگلیزی دەنووسی و بڵاقۆکی سیاسی بە دوو زمانی تورکی و فەرانسەوی لە وڵاتی تورکییە لە چاپ دەدا و لە ناوەوەی ئێران، بەتایبەت لە زۆربەی شارەگەروەکان بڵاو کردەوە.

## ژیان و سەربردەی سیاسیی لاهوتی

لاهوتی لە دوازدەهەمی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٨٨٧ لە شاری کرماشان لە دایک زاوە و هەر لە سەرەتای لاویدا لابارەناوی ئەبولقاسمی لاهوتی بۆ خۆی هەڵبژاردووە و هەر بەم ناوەشەوە شیعرەکانی بڵاو کردنەوە؛ لە سەرەتادا هۆنراوەکانی لە ڕۆژنامەی حبل المتین دا(Habl al-Matin) چاپ دەکردن. شیعرەکانی بە زمانی ڕەوان و ساکار و خۆماڵیانە دەنووسین و خەڵکی کووچە و کۆڵانانیش لێی تێدەگەیشتن و کڕیاری شیعرەکانی زۆر بوون.
ناوبراو هەر لە شاری کرماشان دا دەستی کرد بە نووسینی ڕۆژنامەیەک و ڕۆژنامەکەی بە بێستوون ناودێر کرد. هەر هاوکات دەگەڵ نووسینی ڕۆژنامەی ناوبراو، لە ساڵی ١٩١٧ی زاییندا بناغەی حیزبێکی سیاسی لە شاری کرماشان داڕشت و ناوی حیزبی فیرقەی کرێکاری بۆ هەڵبژارد.
لە سەرەتاکانی مانگی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٠٠ کۆچیدا هێزێکی نیزامی بە ژمارەی هەزار و پینج سەت ژاندارمی چەک بە دەست لە ژێر فەرمانی سەرهەنگێکی سویدی بەناوی لۆندەنبۆرگ(Lundberg) و ١٠٠٠ چریکی شەڕکەری گەللایی بە سەرۆکایەتیی (ئەمیر ئەرشەدی حاجی عەلی لوو) بە نیازی سەرکوتکردنی سمایلاغای سمکۆی سەرۆک عێلی شکاکان بەرەو شاری سەلماس هێرشیان برد و لە ڕۆژی پێنجەمی مانگی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٠٠ی کۆچی و لە درێژەی شەڕێکی کورت خایەنی خەستی خوێناویدا هێزەکانی چەکداری حکومەتی بە جۆرێک تێک شکان، کە پشت سەری خۆیشیان سەیر نەکرد و هەتا کەنار لەنگەرگەی شەرەفخانە خۆیان بۆ ڕاگیر نەکرا .
لەم شەڕەدا (ئەمیر ئەرشەدی حاجی عەلی لوو) کوژرا و زیانێکی گرانی مرۆڤی و هەروەها چەکوچۆڵێکی زۆریشیان لە کیس چوو.
بەزین لە شەڕ دا و لە کیس چوونی کەرەسەی نیزامی و کوژرانی سەتان لەشەڕکری چەک هەڵگر و پەرێشانیی ئەفسەرانی پایەبەرزی ژاندارم بوون بە هۆکارێک کە ڕەزاخانی پەهلەوی چاوێک بە سیستەمی نیزامیدا بخشێنێتەوە و ئاڵوگۆڕێک پێک بهێنێت. بۆ ئەم ئەڵوگۆڕەش ڕەزاخان هێزی ژاندەرم و هێزەکانی قەززاقی یەکجێ لە

پادگاندا کۆکردنەوە و هێزێکی نیزامیی توکمەی بە ناوی ئەرتەشی شاهەنشاهی لێ ساز کردن. لە بەرێکی ترەوە ئەفسەرە پایە بەرزەکانی هێزی نیزامی کە لە گەڵاڵە دۆڕاوەکەی رەزاخان بۆ سەرکوت کردنی سمایلاغای سمکو تووڕە و داخ لە دڵ بوون، لە دژی لێکدان و تێکەڵ کردنی ژاندەرمەری و هێزەکانی قەزاق لە ئەرتەش دا، ناڕەزایەتی و بەربەرەکانی دەستی پێکرد. ژمارەیەک لە ئەفسەرانی ژاندارم بە ڕێبەرایەتیی ئەبولقاسمی لاهوتی لە شارۆچکەی شەرەفخانە بەخۆیاندا چوونەوە و و لە بیری نەخشە و پلاتفۆرمێکی سەرهەڵدان و کۆدیتا کەوتن. هەر ئەو سەردەمەش کە فەرماندە مەحمودی پۆڵایین جێگری سەرهەنگ لۆندەنبۆرگ و حاکمی شەرەفخانە واتە ساعیدی ئیلهامی لە ڕۆژی حەفتەمی ڕێبەندانی ١٣٠٠ی هەتاوی دا چالاکی بۆ کۆدیتا بە کرداری دەستی پێکرد. ئێوارەی هەر ئەو ڕۆژە گروپێک لە سوارەکارە ژاندەرمەکان بەرە سۆفیان وەڕی کەوتن و لە درێژەی ڕێگەدا تەلی هێڵی تەلەیفۆن و تەلەگرافیان پچڕاند و ڕێگەی ئاسنیان هەڵوەشاند. ئەم خەبەرانە بە گوێچکەی کەسێک بە ناوی مێهدی قوڵی هیدایەت حاکمی ئازەربایجان گەیشت و بۆ سبەیش بەیانی خەبەری کودیتای شەرەفخانەشی درایە. ناوبراو خۆی بۆ بەرگری و پاراستنی شاری تەورێز آمادە کرد، بەڵام هێزی ژاندەرمە لە شەڕی دژ بە شاری تەورێز سەرکەوتوو بوون و دوای گرتن و دەست بەسەرکردنی حاکمی تەورێز، کۆنترۆڵی شارەکەیان گرتە دەست. کاتێک کە هەواڵی شۆڕشی لاهوتی گەیشتە تاران و خەڵک پێیان زانی، ڕەزاخان دەستووری بە سەرهەنگ حەبیبوڵلا شەیبانی فەرماندەی ژاندەرمەریی ئەردەوێڵ دا کە هەرچی زووتر بگاتە شاری تەورێز و سەرهەڵدانەکە سەرکوت بکات. لە سووکەڵە شەڕێک دا ئەفسەرێک بە ناوی تورەج میرزا کە بەرپرسی هێزی کۆدیتاچییەکان بوو کوژرا. لە ڕۆژی نۆزدەهەمی مانگی ڕێبەندانیساڵی ١٣٠٠ی کۆچی هێزەکانی ژاندەرمی ئەردەوێڵ بەسەر شاری تەورێزیان دادا و شارەکەیان گرت. بەگیرانی تەورێز، شۆڕشی ئەبولقاسمی لاهوتی تووشی تێک شکان هات و ناوبراو دەگەڵ چەند هاوڕێی خۆی لە زستانی ساڵی ١٩٢٢بەرەو خاکی سۆڤیەت هەڵاتن. ناوبراو بە ماوەی یەک ساڵ لە شاری باکۆ و نەخجەوان مایەوە و دوایە و لە ساڵی ١٩٢٣دا گەیشتە موسکۆ. شایانی ئاماژەیە کە خانمی خێزانی لاهوتی بە ناوی ستسیلیابانو(Stelia Banoo) کە لاهوتی بە هەر بە سلسلەبانوی بانگ دەکرد دەگەڵ مێردەکەی ئاودیوی خاکی ڕووسییە بوون..

لاهوتی ماوەیەک لە شاری کاوکاس = قەفوقاز (Caucasus) ژیانی بردە سەرێ و لە ساڵی ١٩٢٥دا بەرەو شاری تاجیکستان(Tadzjikistan) ڕۆیشت و هەر لەو شارەشدا وەک یەکێک لە بناغەدانەرانی ئەدەبیاتی نوێی کۆماری سۆڤیەتی ناوی دەرکرد. لاهوتی لە ساڵی ١٩٤٦دا دیوانی هۆنراوەکانی چاپ کرد. ناوبراو لە ئاخر سەفەری بەر لە ماڵاوایی یەکجارەکی، بەرەو شاری مۆسکڤا(Moskva) سەفەربەر بوو. ئەم سەفەرەی دە ساڵی بە سەردا تێپەڕی و هەر لەو شارەشدا و لە شانزدەهەمی مانگی مارسی ساڵی

۱۹٥۲ کۆچی ئاخرینی کرد و لە شاری مۆسکڤا (مۆسکۆ)  و لە گۆڕستانی نۆڤۆدچی(Novodevitjekyrkogården)بە خاک ئەسپێردرا.



Tursunzoda

پەیکەری لاهوتی و تورسون زادە قارەمانی نەتەوەیی تاجیکستان

گۆڕ و گڵکۆی ئەبولقاسمی لاهوتی لە گۆڕستانی نۆڤۆدچی (Novodevitjekyrkogården) ـ مۆسکۆ



گۆڕ و گڵکۆی ئەبولقاسمی لاهوتی لە گۆڕستانی نۆڤۆدچی (Novodevitjekyrkogården) ـ مۆسکۆ



# پەیمانی ئیبڕاهیم
# Abraham Accords

پەیمانی ئیبڕاهیم، یان پێک گەیشتن و لەیەکتر گەیشتنی ئیبڕاهیم، کۆمەڵە بەڵێن نامە و بریارنامەگەلێک بووە بە مەبەستی هێورکردنەوەی و لە یەکتر تێگەیشتنی ئیسڕائیل و چەند وڵاتی عەرەبیدا؛ لە سەرەتادا لە نێوان شێخ نشینە یەکگرتووەکانی عەرەبی و بەحرەین دەستی پێکرد و کەمتاکورتێک سەری گرت. ئەم پێک گەیشتن و لە یەکتر گەیشتنە لە نێوان دوو مانگی ئاگۆست و سەپتەمبەری ساڵی ٢٠٢٠ و لە پانزدەهەمی سەپتامبەری ٢٠٢٠ دا لە شاری واشنگتۆن، دی. سی(Washington, D.C.) واژۆ کرا. نێوبژایەتییەکەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکای سەردەمی دەسەڵاتداریەتی سەرکۆمار دۆناڵد ترامپ (Donald Trump) بوو، کە پەیمانەکە سەری گرت.

وڵاتانی یەک گرتووی عەرەبی و بەحرەین یەکەمین وڵاتانی عەرەب بوون کە لە ساڵی ١٩٩٤و دوای شەڕی عەرەب و ئیسرائیل ، ئیسرائیلیان بە فەرمی ناسی. چەند مانگ دواتریش، وڵاتانی سودان و مەراکیش بە مەبەستی ڕێگە خۆشکردنی بەرەو ئیسرائیل، دەنگی بەڵێنییان بە پەیمانەکە دا ؛ بەڵام بەڵین وابوو کە بۆ وەرگرتنی سودان هەتا ساڵی ٢٠٢٤ گوێی لێ بئاخندرێت و ئەرێنی نەکرێت. لە مانگی جولای سای ٢٠٢٥ دا ڕاگەیەندرا کە دەوڵەتی دۆناڵد ترامپ (Donald Trump) خەریکە ئەم بەڵێن نامانەیە بەربلاتر بکاتەوە و وڵاتانی سورییە (Syrien) ، لبنان(Libanon) و عەرەبستانی سعودی(Saudiarabien) بکێشێتە ناو بازنەکەوە.

پەیمانی ئیبڕاهیم لە درێژەی ساڵی ٢٠١٠ دا بۆ وەرگرتنی ئەندام لە نێوان ئیسرائیل و و وڵاتانی عەرەبی سوننەدا ئەم هۆکارەی لە باخەڵ دابوو کە لە ناوچەکەدا ترسی دەسەڵاتی ئێران بەخێرایی پەرەگرتوو دەبوو.

ئەم کار و چالاکییە بە مەبەستی کردنەوەی دەرگای پەیوەندیی نێوان ئەندامانی خۆماڵی هەتا ساڵی ٢٠١٨، بە شێوەیەکی بەرچاو ئاشکرا بوو و، گەورەپیاوانی ئیسرائیلی هامۆشۆی ئاشکرایان لە نێوان وڵاتانی عەرەبیی کەنداوی فارسیدا دەست پێکردبوو و یاریکاری و ئامۆژگارییەکانی ئامریکا ئەم ئەرکە سنووردارەی بە پەلە بەرەو پێش دەبرد. لە نێوبەندی ساڵی ٢٠٢٠دا بەڵینی هێورکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسڕائیل و ئەمیرنشینەکانی یەکگرتووی عەرەبی (Förenade Arabemiraten) زۆتر و زیاتر لەبەرچاو گیرا و بەڵین درا ئەو چاوەی کە ئیسرائیل بۆ حەپەلووش کردنی کەنارەکانی بەشی ڕۆژئاوای فلستینی بز کردبۆوە ، بینووقێنێت و واز لە داگیرکاری بهێنێت؛ هەر ئەمەش بوو بەهۆکار لە مابەینی وڵاتەکاندا و بەرەبەرە هاوکاریگەلی ئابووری، دیپلۆماتی و ئۆقرەیی و ئارامی بە

فەرمی جێگیر بوو. بۆ وڵاتی مەراکەش(Marocko)یش ئەم خێر و بێرەی تێدا بوو کە بیابانەکانی ڕۆژئاوای مەراکەش لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە فەرمی ڕادەستی مەراکەش بکرێتەوە. بۆ سودان(Sudan)یش، بەو مەرجەی کە ناوی تێرۆریزمەکەی(Terrorism) لە دەفتەری ئامریکادا نەمێنێت، دەکرێ لە باری ئابووریی ناونەتەوەییدا ئاوڕدانەوەیەکی لێ بکرێتەوە.
ئەم ڕێکەوتن نامەیە لە ڕێوڕەسمێکی شکۆدار دا جەژنی بۆ گیرا و لە لایەن دەوڵەتی (دونالد ترامپ)ەوە وەک دەسکەوتێکی مێژوویی گەلێک گرنگ و مەزن بە جیهانی سەدەم ناسێندرا. بەڵام پەچەکرداری( Reaktion)ی ڕێکەوتن نامەکە لە وڵاتانی عەرەبیدا جۆراوجۆر بوو. بۆ وێنە بیروباوەڕی خەڵکی هەندە وڵاتانێک دژبەری ڕێکەوتن نامەکە بوون. بەتایبەت بەهۆی چارەسەرنەکراویی ناکۆکییە نێوان ئیسڕائیل و فەلەستین، گێرمە و کێشەی یەک بە دوای یەکدا سەری هەڵدەدا و لە ئاکامدا ئاستەنگی وەک: بدە و بستێنە (Trade)، بەرگری(Defensiv)، وزە (Energi) ، تەکنۆلۆژی( Technologie)، کۆکردنەوەی بەرهەم، سازمانکاری، هەڵگرتن و پاشەکەوت کردن و زانیاری ، ئەمانە بە گشتی ڕیگەیان لە بە دەم پێگەیشتن دەگرت.

## وڵاتانی عەرەب و ئیسرائیل

خۆ ئەگەرچی بەحرەین و ئیمارات قەت قەت لە شەڕی عەرەب و ئیسڕائیل دا بەشدارییان نەکردبوو، بەڵام وڵاتانی کەنداوی فارس هەر لە سەردەمی وەرگرتنی سەربەخۆیی (١٩٤٨) دا دژ بە ئیسرائیل ڕاوەستابوون و وڵاتی جوولەکەیان بە لەعنەت (Embargo) کردبوو. بەڵام لە درێژەی ئەم ساڵانەدا پەیوەندیی لە تەک ئیسرائیلیان دا بە دزی و بە شاراوەیی و یەک بە دوای یەکدا سەری دەگرت و خەڵکانی جیهانیش پێیان دەزانی. دەوڵەتی فەلستین لەم کەین و بەینەی وڵاتانی عەرەبی ئاگادار بوو، بەڵام لە بڕی گورز لێوەشاندنیان، وەک سەرۆکی یەکێتیی وڵاتانی عەرەب خۆی لە یەکیەتیی وڵاتانی عەرەب کشاندەوە.
پەیمان نامەی نێوان عەرەب و ئیسرائیل بۆیە ناوی پەیمانی(نامەی ئیبراهیم)ی پێدرا، چونکینێ لە دینی جوولەکە و ئیسلامدا ئیبراهیم وەک پێغەمبەر ناسرا بوو و هەر دووک لا باوەڕمەند بوون بە پێغەمبەرایەتییەکەی مامە ئیبراهیم.

## پەچەکردار

لە دەمی واژۆکردنی بەڵێننامەی پەیمانی ئیبراهیم دا، ترامپ گوتی: پێنج ولاتەکانی کەنداو بە ڕێبەرایەتیی عەرەبستانی سعوودی دەتوانن خێراتر لەوانی دیکە ئالای ئاشتبوونەوە و ئۆقرەیی هەڵبدەن.

لە بیست و سێیەمی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٢٠دا دوای ئەوەیکە ئامریکا ڕەزامەندی خۆی دەربڕی، وڵاتی سودان بە پەلە خۆی کێشایە ناو ئۆرگانی ئیبراهیم و هەر گورجێک ئامریکا سودانی لە لیستی تێرۆر دەرکێشا و وڵاتی ناوبراو لە ئاوی شەو خاوێنتر بوونەوە. سودان لە هەمبەر ئەم خزمەتەی ئامریکادا، بڕی ٣٣٥ملیۆن دوڵاری خوێن بایی ئەو ئامریکاییانە ڕشتە خەزێنەی ئامریکا، کە لە شەڕی تڕۆریستی دا ملی هەڵقرتاندبوون.

لە بیست و شەشەمی ساڵی ٢٠٢٠دا عەوڵا حەمەدۆک(Abdalla Hamdok) سەرۆک وەزیرانی وڵاتی سودان سپاسنامەی خۆی بە مەبەستی یاریکاریی ترامپ بۆ لابردنی ناوی تیرۆریزم لە سەر وڵاتەکەی دەربڕی، بەڵام لەم سپاسنانەیەدا هیچ ئاماژەیەکی بە ناوی ئیسرائیل نەکردبوو.

لە بیست و سێیەمی سەپتەمبەری ساڵی ٢٠٢٠دا خانمی کلەی کرافت(Kelly Craft) سەر باڵوێزی وڵاتە یەکگرتووکانی ئامریکا گوتی کە ئەو وڵاتانەی بڕیارە لە ماوەی یەک دوو ڕۆژی داهاتوودا وەک وڵاتانی سەربەخۆ بناسرێن، بەڵام پێویستە پێشەکی و بەفەرمی دان بە سەربەخۆیی ئیسرائیل دابنێن.

## ڕاپرسی

ئەو ڕاپرسی و ئەم توێژینەوانەی کە لەسەر بار و دۆخی دۆستایەیەتیی جیهانی عەرەب و ئیسرائیل کرا و هەموو ئەندامەکانیش ژێرەکەیان واژۆ کردبوو، دەرکەوت کە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی ئەو وڵاتانەش بە چاوێکی نیگەتیڤەوە سەیری ئەم ڕێکەوتنانە دەکەن و باوەڕیان پێی نییە.

لە نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠٢٢ دا حەفتاو شەش لە سەتی(٧٦٪) ئەو کەسانەی کە لە وڵاتی عەرەبستانی سعودی دەنگیان دابوو، دوایە دەرکەوت کە دەنگی (نەخێر) واتە نەرێنییان بە یاکگرتنی ئیبراهیم داوە.

لە دەنگدان و دەنگ وەرگرتنەکانی نێوان چاردەهەمی نوڤەمبەر و شەشەمی دەسەمبەری ساڵی ٢٠٢٣دا، پەیمانی ئیبڕاهیم کە لەلایەن موئەسەسەی واشینگتەنەوە بۆ سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هۆنرابۆوە، دەرکەوت کە بەشداریکەرانی وڵاتی عەرەبستانی سعودی ، ٩٦٪ی خەڵکەکەی دژ بە ئیسرائیل بوون و خوازیاری پچڕانی پەیوەندییەکانی عەرەب و ئیسرائێل بوون و هەر تەنیا ١٦٪ی

سعودییەکان گوتوویانە کە حماس (Hamas) دەبێ چارەنووسی دوو وڵاتی وەئەستۆ بگرێت. شایانی ئاماژەیە کە چارەنووسی ئەم دوو وڵاتییە بە دژایەتیی سەربەخۆییە و بە پێی ئەم بڕیارە دەبێ دەوڵەتێکی سەربەخۆی ئیسرائیل لە کەنارەکانی ڕۆژئاوای حاشییەی غەزە ئاوا بکرێت کە سەرجەم خاک و خەڵکی ئەو شوێنانە گوێ لە مستی ئیسرائیل بمێننەوە. ئەم بڕیارە لە لایەن ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووکانیش (United Nations) سەلمێندرا.



Abraham Linkoln

Född: 12 februari 1809, LaRue County, Kentucky, USA

Mördad: 15 april 1865, Petersen House, Washington, D.C., USA

**ئابراهام لاینکۆلن** لە ڕۆژی ١٢ی مانگی فێبریەی ساڵی ١٨٠٩لە چارداخێک دا لەدایکبوو کە ئەو چارداخە لە مەزرایەکی بچووک بەناوی مەزرای سینکینگ سپرینگ (Sinking Spring)لە سێ مایلی باشووری کونتاکی (Kentucky)هەڵکەوتبوو. ناوی لاینکۆلن لە ناوی بابە گەورەیەوە وەرگیرابوو کە لە هێرشی سورپێستەکاندا کوژرابوو. ڕۆژی لەدایکبوونی ئابراهام ڕێک دەگەڵ ڕۆژی لەدایکبوونی چارلز داروین جووتە. ئابراهام خوشک و برایەکی هەبوو بە ناوی (سارا) و (توماس)؛ سارا لە ئابراهام گەورەتر و توماس بچووکتر بوو کە لە تەمەنی منداڵیدا کۆچی دواییی کرد. دایکی ئابراهام، نانسی هانکز (Nancy Hanks)و باوکی توماس لاینکۆڵن ( Thomas Lincoln) بوون کە ئەو دایک و باوکە فێرگە و خوێندنیان بە تاقی نەکردبۆوە و هەر دووکیان نەخوێندەوار بوون.



President Lincoln's first Home in Illinois.

لە هەرەتی ناو دەرکردنی ئابراهام لاینکۆلن ، چیرۆکنووسان و ڕیپۆرتاژیستەکان دەربارەی هەژاری و نەداریی ماڵباتی لاینکۆلن دا گەلێکیان ئاو تێکرد و چیرۆکی سەیر و سەمەرەیان بۆ نووسی. بەڵام لە پەنای هەواڵی هەڵبەستراوی هەژاریی لاینکۆلن دا، زۆربەی شارۆمەندەکانی کونتاکی بە دیدێکی ڕێزدارانە سەیریان دەکرد.

لاینکۆلن زەحمەتکێش و کار لێهاتوو بوو. لە دەسەمبەری ١٨٠٨دا بە پاشەکەوت کردنی ٢٠٠ دۆلار توانی مەزرای سینکینگ سپرینگ بکڕیت و کاری تێدا بکات. هەر ئەو مەزرایە لە سەردەمی هێستاشدا وەک زێگەی مێژوویی لاینکۆڵن دەناسرێت و شوێنێکی تایبەتە.

لە باری ئایینداریەوە، دایی و باوکی ئابراهام گرێدراوی ئایینزای پرۆتستان بوون.

پرۆتستان(protestant) لقێک لە دینی عیسای مەسیحە کە مارتین لۆتەر(Martin Luther)ی ڕێفۆرماتوری دینی مەسیح لە ئایینی کاتۆکیک جیای کردەوە. شایانی باسە بگوترێ کە ئایینزای پرۆتستان دژ بە کۆیلەداری بوو. ئەگەرچی ئابراهام لایانکۆڵن ئاڵاهاڵگری نەمانی کۆیلەداری بوو، بەڵام قەت قەت بە شوێن پرۆتستان و کاتۆلیک و ئایینزاکانی دیکەدا نەچوو.

سالّی ۱۸۱٦، ئابراهامی تەمەن شازدەسالّی دەگەڵ دایی و بابی خۆی بەرەو ئیندیانا(Indiana) ، کە پارێزگایەکی لای ڕۆژئاوای ئەمریکایە، کۆچیان کرد. هێشتا لە مالّی تازەیاندا تەواو نەحەسابوونەوە کە دایکی لە تەمەنی ۳٤ساڵیدا کۆچی دوایینی کرد، بەڵام باوکی ئابراهام زۆر ڕانەوەستا و دەگەڵ خانمێک بە ناوی (سارا بۆش) ژیانی هاوبەشیان پێکهێنا. سارا بۆش دەگەڵ تاقەکوڕەکەی خۆی هاتە مالّی لایەنکۆڵن، بەڵام هاتنی سارا بۆش هەر نەک ئالّوگۆڕی ساردی نەهێنایە مالّی باوکی ئابراهام، بەڵام ئەوەندە دڵپاک و نەرم و نیان جووڵایەوە کە خەمی لە دەستدانی دایکیشی لە زەین و هۆشی ئابراهام دا شوردەوە.

سەرتانسەر تەمەنی لاویی ئابراهام لاینکۆلن لە کار و کوێرەوەریدا تێپەڕ بوو. دەگەڵ هەموو کار و خەبات بۆ بەڕێوەبردنی ژیان، ئەو تەنیا ۱۸ مانگ بەلای مامۆستایەکی ناسیاوەوە لە دەرەوەی فێرگەدا دەرسی خوێند. بەڵام خوێندنەوەی کتێب تولّەی نەخوێندەواری بۆ کردەوە. ئەوەندەی لە توانای دابوو کتێبی وەرگرت و خوێندییەوە و خۆی ڕاهێنا. کتێبەکانی ولیام شکسپێر و کتێبی مێژووی بریتانیا و مێژووی ئامریکای خوێندنەوە و لە پەرتووک و نووسراوەی جۆراجۆریش ڕانەوەستا و زمانەکەی تەواو پێ پاراو کردن.

لایەنکۆلن سالّی ۱۸۳۲ و لە تەمەنی ۲۳ ساڵیدا بەرەو سیاسەت ڕۆیشت و لە کێبەرکێی سیاسیدا فێری دەمەقالّە و دەرخستنی ڕێبازی ڕاستەقینەی ڕزگاری گەل و نیشتمان بوو. هەر لەو بوارەدا و لە کێبەرکێی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتیی پارێزگەی ئیلینۆیس(Illinois) دا بوو بە ئەندامی حیزبی ویگ(Whigpartiet) و لە تەمەنی ۲۳ ساڵانیدا وەک نوێنەری ئیلینۆیس هەڵبژێردرا. لە سالّی ۱۸۳۷دا یەکەمین هەڵوێستی دژ بە کۆیلەداری دەربڕی و بڕیاری نەمانی بۆ دەرکرد.


سالّی ۱۸٤۱ بە یاریکاریی فەرماندە ولیام لوئیس هەرندۆن(William Lewis Herndon) خوێندنی زانستی مافناسی(حقوق)ی دەست پێکرد و دوای پێنج سالان، واتە لە سالّی ۱۸٥٦دا شان بە شانی ولیام، حیزبی (ویگ)یان جێهێشت و لە حیزبی تازە سازبووی (کۆماریخواز)دا خۆیان ناونووس کرد.

**ئابراهام لایەنکۆڵن و ژن و ژنخوازی**

ئابراهام لە سالّی ۱۸٤۲ دا دەگەڵ خاتوو ماری تۆد لایەنکۆڵن (Mary Todd Lincoln)ژیانی هاوسەرییان پێک هێنا. ئابراهام و خاتوو ماری لە درێژەی ژیانی هاوسەریدا چوار منداڵی کوڕیان بوو، بە ناوەکانی ڕۆبەرت تاد لایەنکۆڵن، ئیدوارد بەیکر لایەنکۆڵن، ولیام والاس لایەنکۆڵن و تۆماس تاد لایەنکۆڵن. بەڵام لەم چوار منداڵانە، هەر تەنێ ڕۆبەڕت گەیشتە تەمەنی لاوی و ژن هێنان. ڕۆبەڕت ژنی خواست و سێ منداڵیشی گەورەکرد و سێ نەوەشی بە چاو بینی، بەڵام نەوەکانی نەزۆک بوون و کاتێک داهات کە لە هەموو بنەماڵەی ئابراهام لایەنکۆڵن تاقیان نەمان و وەجاخیان کوێر بۆوە.


**ئابراهام لایەنکۆڵن و سیاسەت**

ناوبراو شانزدەهەمین سەرۆک کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و یەکەم سەرۆک کۆمار بوو کە لە پارتی کۆماریخوازانی ئەمریکادا دەسەڵاتی سیاسی گرتە دەست. سەرەتای سەروک کۆماریی ئابراهام لاینکۆڵن هاودەم بوو دەگەڵ شەڕی ناو خۆی ئەمریکاییەکان. لە درێژی شەڕی ناوخۆی ئەمریکادا زیاتر لە شەش سەت هەزار کەس کوژران و کۆمەڵگاکەیان تووشی ئالّۆزی و پشێوی هات.



ئابراهام لاینکۆلن سالّی ۱۸٦۰ی زایینی وەک سەرۆک کۆماری ئەمریکا هەڵبژێردرا.

**شەڕی ناوخۆی ئەمریکا**



نەخشەی جوغرافیای سیاسی ئەمریکا لە دەمی شەڕی باکوور و باشووردا. ڕەنگی سوور ئەو ئەیالەتانە نیشان دەدات کە لایەنگری کۆیلەداری بوون و شەڕیان هەڵایساند. ئەیالەتاکانی باکوور بە ڕەنگی شین نیشان دراون و ئەو ئەیالەتانە دەگرێتەوە کە دژی کۆیلەدارین. ئەو ئەیالەتانەی کە بە ڕەنگی بنەوشی کاڵ نیشان دراون ، هێشتا کۆیلەداریان وەلا نەناوە. ئەو ئەیالەتانی کە بە ڕەنگی سپی نیشان دراون هێشتا نەبوونەتە ئەندامانی وڵاتە یەکگرتووکان.

شەڕی ناوخۆی ئەمریکا (American Civil War) لە ڕۆژی ١٢ی ئاپریلی ساڵی ١٨٦١ دەست پێکرد و ڕۆژی ٩ی مانگی مایی ساڵی ١٨٦٥ کۆتایی پێهات. ئەو شەڕە لە نێوان باکوور و باشووری ئەمریکا دا هەڵایسا. هۆکاری سەرەکیی شەڕی باکوور و باشووری ئەمریکا تەنیا کێشە کۆیلەداری بوو. بەر لە دەسپێکی شەر، ژماری دانێشتوانی ئەمریکا لە ساڵی ١٨٦٠دا ٣٢ ملیۆن کەس بوون کە ١٣٪ی واتە نزیک بە چوار ملیۆنی ڕەش پێست بوون.

**هۆکاری سازبوونی شەڕی ناوخۆی ئەمریکا**

لە وەرزی زستانی ساڵی ١٨٦٠دا، هەرکە لایەنکۆڵن وەک سەرۆک کۆماری ئەمریکا هەڵبژێردرا، دوابەدوای ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی سەرکۆماری، لە چوارەمی مارسی ساڵی ١٨٦١دا پشیوی و لێکترازان لە ناو ئەیالەتەکانی ئەمریکادا هاتەدی. لە سەرەتادا کارولینای باشوور، جۆرجیا، فلۆریدا، ئالاباما، می سی سی پی، لۆیزیاناو تەگزاس ئاڵای جیابوونەوەیان هەڵدا. زۆری نەخایاند ئەیەلەتەکانی ئارکانزاس، کارولینای باکوور، ڤیرجینا و تەنەسی تێکەڵ بوون و بوونە یازدە ئەیالەتی سەربەخۆ. شایانی گوتنە کە زۆربەی ئەو وڵاتانەی ئاڵای جیابوونەوەیان هەڵدا، دەوڵەمەند بوون و لە بەر هەمهێنەرانی لۆکە(پەمبۆ)دا گیرفانەکانیان ئاخنی بوو. دەوڵەماندانی یازدە ئەیالەتی جیابۆوەوە، بۆ کاری چاندن و داشتن و ناشتن و هەڵگرتنەوە پەمبۆ، نیازمەندی هێزی کار بوون و کرێکارانی ڕەش پێست باشترین کرێکار بوون بۆیان.

یازدە ئەئالەتی ناوبراو ، بەر لەوەی لایەنکۆڵن دەسەڵاتی سیاسیی تەواو بگرێتە دەست، مانیان گرت و بە ڕاشکاوی هەواخوای کۆیلەداریی بوون. ئەوان وەک شارۆمەندانی وڵاتێکی کۆیلەدار ئاڵای تایبەتیان هەڵگرت و دەگەڵ جیابوونەوەشیان فەرمانی شەریان ڕاگەیاند. هەر لە سەرەتای کاریشدا چەند جاریان هەوڵی کوشتنی لایەنکۆڵن دا و پیاوکوژانی شارەزایان بۆ هەڵبژارد. بەڵام لایەنکۆڵن ڕۆژی ٢٣ی فیڤرییە بە پۆشینی جلکی تایبەت و گۆڕینی سەر و بەری، گەیشتە واشینگتەن و ڕۆژی چوارەمی مانگی مارسی ساڵی ١٨٦١ لە بەر دەرگای کۆشکی کۆنگرەی ئەمریکادا یەکەمین پەیامی بە گوێی جیهانیان راگەیاند و بە فەرمی وەک سەرۆک کۆماری ئەمریکا پێی نایە کۆشکی سپی.


کۆیلەداری لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا مەزنترین بابەتی سەرەکیی سەدەی نۆزدەی زایینی بوو. شەڕی کۆیلەداریش دەیان ساڵ بەردەوام بوو سەرەنجام لە هەرەتی سەرۆک کۆماریی لایەنکۆڵن دا قەوما.

لە دەسپێکدا جیاخوازان بە ناوی کۆنفیدراسیۆنی دەوڵەتی هێرشیان دەست پێکرد و شەڕیان بە سەر لایەنی دێموکراتدا سەپاند. کۆنفیدراسیونی دەوڵەتی لە ڕۆژی ١٢ی ئاپریلی ١٨٦١، واتە یەک مانگ دوای سوێندخواردنی فەرمیی لایەنکۆڵن، هێرش لە کارولینای باکوور دەستی پێکرد.

لە سپتامبەری ساڵی ١٨٦٢دا قانوونی سەربەستیی کۆیلەکان لە لایەن لایەنکۆڵن ڕاگەیاندرا و دوای شەڕێکی سامناک، لە ڕۆژی ٩ی ئاوریلی ١٨٦٥بە تێکشکانی جیاوازیخوازان شەڕ کۆتایی هات . دەگەڵ کۆتایی شەڕ و ئەهوەن بوونەوەی کۆمەڵگا، بە فەرمی کۆیلەداری کۆتایی پێهات و چوار ملیێۆن کۆیلەی پێ لەنەبد ڕزگار کران. ئەمجار دەوری سازکردنەوە خاپوورکراوەکان هات و وڵات بەرەو ئاوەدانی ڕۆیشت.

**کەسایەتیی ئابراهام لاینکۆلن**

مێژوونووس و زۆربەی ناودارەکان پێیان وایە ئابراهام لاینکۆلن لە باری سیاسی و بەڕێوەبەرایەتی وڵاتەوە توانایی و لێزانییەکی فرە تایبەتی هەبووە. ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە ئەمەیە کە ناوبراو لە سەردەمی دەسەڵاتداری خۆی، ڕێبەر و فەرماندەیەکی چالاک و توندو تیژ بووە و لە هەموو دەسەڵاتەکەی خۆی کەڵکی وەرگرتووە کە لە شەڕی ناوخۆی ئەمریکادا سەرکەوتووانە شەڕ بەرەو سەرکەوتن بەرێ و ڕیشە و ڕەگەزی کۆیلەداری بسووتێنێ.




بە باوەڕی لێکۆڵەرەکان وایە کە ئەگەر کەسایەتییەکی دیگە لە جێی لایەنکۆڵن بوایە، ئەم یەکیەتی نیشتیمانییەی کە وڵاتانی یەکگرتووی هەیەتی، ئێستێ لە ئارادا نەدەبوو. مێژوونووسی ئەمریکایی، مایکڵ بۆرلینگام دەڵێ : " هیچ سەرۆک کۆمارێک لە مێژووی ئەمریکادا تووشی ئەم گشتە قەیرانەی کە ڕوو بە لایەنکۆڵن هاتبوون، نەبوون و هیچ سەرۆک کۆمارێکیش جگە لە ئابراهام لایەنکۆڵن بەرگەی ئەم گشتە قەیرانەی نەدەگرت."

فەلسەفەی کار و خەباتی ئابراهام لە چەند ڕستەیەکی کە خۆی گوتوویەتی، گەلێک خۆیا و ئاشکرا دەردەکەوێت کە باوەرمەندی و ئاسۆی بینینی ئەو سەرۆک کۆمارە بۆ ئاوەدانی وڵات و ڕزگاریی خەڵکەکەی چی بوو و چۆن بووە. :[ شەڕ و دوژمنایەتیی دژ بە هیچکەسێکم ناوێ. خێر و خۆشی و حەسانەوەی هەموو کەسێکم دەوێ. توند و تۆڵی بۆ ڕاگرتنی مافی ئینسانیی هەموو ئینسانێک ــ هەر ئەو جۆرەی کە خودا دایناوە ــ دەبێ کۆشا بین و نەسرەوین هەتا هەمووی وەدی بێنین. ئێمە بۆ سارێژ کردنی زامی قووڵی خەڵک و وڵاتەکەمان لەم پلە و پایە دا ڕاوەستاوین. لە سەرمانە و ئەرکی ویژدانیمانە بۆ هەتیو و هەژار و لێقەوماو و شەلەلەکان کەس و کار و باب و برا بین. دەبێ پەیوەندییەکی هێور و هێدی و یەکیەتییەکی پایەدار لە ناو سەرجەم خەڵکی وڵاتەکەمان ڕاوەستاو بکەین.]

**ئاخری کار و کۆتایی ژیانی ئابراهام لایەنکۆڵن**

ڕۆژی چاردەهەمی ئاپریلی هەر ساڵێک لە ئەمریکادا جەژنێک کە بە جەژنی هەینی باش(Good Friday) بە ناوبانگە، ئەمریکا دەبوو بە چراخان و خەڵک لە ئەوپەڕی شادمانی و خۆشی و بەزم و هەڵپەڕکێدا دەبوون. شەڕی ناوخۆ کۆتایی پێهاتبوو، زامی کۆیلەداری بە یەکجاری بنەبڕ ببوو، برایەتی و هاوخەمی خەڵکی کۆڵان و شاقامی شارد و دێی حەساندبۆوە. ئابراهام لایەنکۆڵن سەرۆک کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش کە لە گەورەپیاوانی وڵات و لە دڵ و دیدەی خەڵکدا پنجی داکوتا بوو، لەو بەزم و شایی و هەرایەدا بەشدار بوو.

ئەو ڕۆژە، سەرتانسەری ڕۆژ شایی و هەڵپەڕکێ بەردەوام و ڕۆژ بەرەو ئێوارێ دەچوو. بەتایبەت بۆ مێری تاد لایەنکۆڵن(Mary Tod Lincoln)) خانمی سەرۆک کۆمار ڕۆژێکی فرەتایبەت بوو. فرەتایبەتی ئەو ڕۆژە بۆ خانمی خێزانی ئابراهام لایەنکۆڵن لەو سۆنگەیە گیانی دەگرت، کە ئیتر شەڕ و کێشە نەماوە و خۆی و لایەنکۆڵنی مێردی لە کۆڵ دڵەڕاوکێ و نیگەرانی خورپەی دڵ بۆنەتەوە. ئەمجار دەکرێ دوای کۆتایی دەورەی سەرۆک کۆمارییەکەی لە پشوودانێکی دوور و درێژ دا سەفەری سەرتانسەری ئەوروپایە بکەن و خەمی دڵ بە دیداری خەڵکی ئەوپەڕی دنیایە لە بیر بەرنەوە.

یای مێری چاوەڕێی ئەوە بوو کە ئابراهام دوای داکەندنی جلکی سیاسەت، ئەمجار لە شاری شیکاگۆ یان لە شاری گرین فیڵدی Greenfield کالیفۆرنیایە پیشەی خۆی واتە دەفتەری دادوەری بکاتەوە. ڕوانگەی یای مێری جیهانێکی ڕوون و ڕووناک و بەباری لێ دیار بوو. ئەوەی لەو دەمەدا دڵی خانمی سەرۆک کۆماری تژی لە خۆشی کردبوو، چوونی پێکەوە دەگەڵ مێردەکەی بوو بۆ دیتنی بەرنامەیەکی تیاتر بوو. لەمێژ بوو، زۆر لەمێژ بوو کە یای مێری دەگەڵ شووەکەی شان بە شانی یەکتر لە بۆنەی شایی و هەڵپەڕکێ و شانۆ و نمایش دانەنیشتبوون. ناوی داستانی تیاترەکەی ئەمجارە " کوڕە مامەکەی ئەمریکاییمان" بوو کە یای مێری بە دڵی بوو.

یای مێری دوای دامرکانی ساڵانێک کە خوێنیان بەسەر دا دەباری و فرمێسکیان دەڕژاند، هەستی دەکرد کە تیاتر و شانۆ و نمایش پەنجەرەی خۆشی و حەسانەوە بەڕووی خەڵکی هەژار دا دەکاتەوە. ئیتر ئەو دلیشێ خەبەری پەرێشانی پێدانەدەگەڕا و نەیدەزانی کە چ ڕۆژگاری تاڵ و خەمبار دەرگایان بە ڕوو دا دەکاتەوە.

ئێوارە داهات لایەنکۆڵن شەکەت و ماندوو هەتەوە ماڵ. مێری بەرنامەی تێئاترەکەی وەبیر هێنایەوە. ئابراهام ئەگەرچی گەلێک شەکەت و نیازمەندی سەرخەوشاکاندنێک بوو، بەڵام دڵی خێزانی نەشکاند و پێکەوە خۆیان بۆ چوونی ساڵۆنی نمایش ئامادە کرد.

لایەنکۆڵن و خانمەکەی دەگەڵ ئەفسەرێکی دیپڵۆماتی ئەمریکی بە ناوی هەنری راید راثبۆن( Henry Rathbone) و دەزگیرانەکەی کلارا هەریس پێکەوە و بەبێ حەرەس و پاسەوان ڕوویان کردە ساڵۆنی تیاترخانەکە و لە بەربێڵای ژوورێکی بەرامبەر بە ساڵۆنەکە دانیشتن.

درێژەی هەیە...